www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئازادی ڕۆژنامەگەری و گرفتە هەنووکەییەکان ... هەورامان علی تۆفیق _ ئەڵمانیا

لە پەراوێزی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارو ئۆرگانێکی حزبی یان مەدەنی و ڕێکخراوەیی لە ئەمڕۆیی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی کۆمەڵێك گرفت و کێشە لە پێشە، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری دونیای ڕۆژنامەگەری وڵاتانی پێشکەوتوو بکەین شێوازو تێڕوانین و چۆنیتی کارکردن و تێگەیشتن لە سەرجەم فاکتەرە بەڕێوەبەری یەکانی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لای ئێمەو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی، ڕەنگە بەتێکەڵ بوون بیستن و بینینمان بۆ ئەو دنیایە بمانەوێ وەك ئەوان کاربکەین بەڵام ئەو کارە بەوشێوە سانایییە بەدەستەوە نایەت و زۆر کێشەو گرفتی چاوەڕوان نەکراویش دێنێتە ئاراوە کە هیچ ئامادەکاری بۆ نەکرابێت.. کەواتە سەرەتای گرفت و کێشەی ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەگەری لەوە وەدەست پێ دەکات ئەو وڵاتە پابەندی چ یاسایەکە و چ سیستەمێك بەڕێوەی دەبات و ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتن تا چەند لەگەڵ ویست و خواستەکانی دونیایی فەرمانڕەوایی خۆیان دان و تا چەند ئەو ئازادیەیان لاپەسەندە. لەلایەکی ترەوە خوێنەر و کاریگەری ئەو ڕۆژنامەوانە لەسەر ڕای گشتی و کاریگەری لەو بابەتەی کە دەوروژێنرێ. ئەو بارودۆخانەی کە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت و دەبێ ڕۆڵی ڕۆژنامەوان چی بێت؟ کەواتە ڕۆژنامەوان و کەسی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکی وەك کوردستان دا دەبێ هەمیشە هەوڵی دەخستنی ڕاستی بدات و لایەن خراپ و پیسەکانی کە دەبنە میکرۆب و کۆمەڵگا نەخۆش دەخەن دیار بکات و هەمیشەش چارەسەرێکی دکتۆر ئاسیی بەدەستەوە بێت و ڕەخنەکان بنیاد نەربن، کێشە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری وئاینی و بابەتە گشتیەکانی کە پەیوەندیان بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە باس بکرێت و بخرێنە بەردەم ڕای جەماوەرو وروژاندنی ئەو بابەتانەی کەلەبەرژەوەندی نەتەوەی گەلی کوردان، لەگەڵ دروست کردنی پەیوەندی نێوان جەماوەرو دەسەڵات و یاسا بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان بەپێ سیستەمی داڕێژراو بەڕێوە بچێت و زۆر ئەرکی گرنگ و بابەتی تر کە ڕۆژنامەنووسی کورد دەبێ لەئاستی دابێت و بەشێوەیەکی گشتیش ئەو ئاستە لە ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە و بەوپەڕی دڵنیایشەوە دەڵێم چەم بێچەقەڵ نابێ، ، ڕاستە ئازادی مانای ئەو لادانە نیەلە هەموو پرەنسیپە نەتەوەیی و مێژوویەکان و سوکایەتی کردن بە هەق و ناهەق و بەوشێوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو نووسەرەدا دەگونجێ، کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەك مافی خۆیەتی هێڵی سووری هەبێ ئەم هێڵە سوورانەش بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان و یاساو دەستکەوتە مێژوویەکان و ئالاو پارستنی نهێنیە نیشتمانیەکان هەمیشە پارێزراوبن چونکە بەلەدەست دانی ئەو پرەنسیپانە ئەوە ڕاستی نەتەوەییمان لەدەست دەدەین و ئەوکات نووسینەکانیشمان بێ سوود دەبن و کەس گوێمان لێناگرێ.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ڕۆژنامە نووس لەچوار چێوەیەکی تەل بەندا بەسرێتەوە و نەتوانی دەنگ هەڵبڕێ بەوەی ئەمە قودسیەتی دەسەڵاتە نەکەی.. !! ئەوە ئاینە نەکەی.. !! ئەوی دی ڕەسەنایەتی و کولتوورو داب و نەریتی باوباپیرانە نەکەی.. !! ئەمەی تریش باری سیاسیەو کاری تۆنیە و خۆتی لێ دوورخەوە.. !! ئەوەش بازاری ئازادە ناوی خۆی بەخۆیەوەتی و پێویست ناکان باسی کەیت چونکە ئەویش ئازادە.. !!ئەوانی تریش کەسانی ناودارو خاوەن دەسەڵاتن.. !! ئەوەئەوەو بەم شێوەچی ما، چیان هێشتەوە ئەبێ نوسەروو ڕۆژنامەنووس لەکام گۆشەوە دەست پێ بکات تەنها ئەوە ماوە دەست بە شیعرو چیرۆك و پەخشان و بابەتی تەنها ئەدەبی بکاتەوە و هیچی تر... ئەمە لە ڕوانگەی هەندێ لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ نیگەرانن لەوەی لە ڕۆژنامە کوردی وێب سایتە کوردیەکاندا دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە کە کارێکی باش نیە و دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردە، بەڵام هەموو ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە بۆچی ئەگەر من گرفتم نەبێ ئەگەر من نەتوانم وەڵام بدەمەوە ئەگەر من دان بەهەڵەکانی خۆم دانەنێم و هەوڵ نەدەم چارەسەری گرفتەگان بکەم ئەوا بێ

گومان هێرش دەبێت، مەرج نیە هەموو ئەوانەی هێرشە نووسینەکانیان بەدیارە هەموو بەدەستی بێگانە بن یان دژی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بن ڕاستە هەن لەو شێوازانە بەلام دەبێ دیار بکرێن، ئەگەر بەم شێوەیە بێت و هەرکەس ڕەخنەی گرت و بەهێرش بەر لەقەلەم دراو بە یاسایەك سزادرا ئەوە لەدوای چەند سالێك نووسەرمان نەما و هەموو زیندانی کران.. بەرێزان ئەوانەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانەوە قسە دەکەن دەبێ سنگتان لەوە فراوانتربێت و بەوردبینانەترەوە لەمەسەلەکان بڕوانن کێشەی ئێمەی کورد ئەمڕۆ ئەوە نیە فلان ئەوەی ووت و فیسارکەس ئەوەی نووسی ئێمە بەوانەی کە هێرش دەکەن و ئەوانەی دڵنیگەرانن بیر لەوە بکەینەوە ئەمڕۆ ولات و بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانمان بە زیرەکی و شارەزایی لە کەناری ئاسوودەیی و ئاشتی و ئاوەدانی لەنگەرپێ بگرین و لە ئافات و لێشاوی ئەم جەنگە نێونەتەوییانەدا خۆبپارێزین و ولات بەرەو زانست و زانیاری و ئاوەدانی و گەشەسەندنی فکری بەرین کەم بڕوانینە دەوروبەرو لاسایی کردنەوە چونکە هەموو ئەو سیستەمانەی دەوروبەرمان و بە سیستەمی ولاتانی عەرەبیشەوە هەموو لەبەرژەوەندیە تایبەتی و نێونەتەوەیەکان تێپەڕناکەن و کەس ئاگای لە ولات و میللەت نیە، بۆ دەبێ هەموو لاسایی کردنەوەیەك لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروباری ولات و هەڵسوڕانی باری ئابووری و بەتایبەت پەروەردەیی کە زۆر گرنگە لە سەر بنەمایی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆماندابن و بە نوێ ترین و پێشکەوتووترین شێواز کاری لەسەربکەین و لەبری ئەوەی کۆشکی گەشت و گوزاری و بنیادنانی بەردی، بەڵکو گرنگی بدرێ بەدروست کردنی کارگەی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی خۆمالی بە جۆرێك نەك لەدەرەوە کەلوپەل بکڕین بەڵکو کەلوپەلی خۆمالی ڕەوانەی دەرەوەبکەین ئەمە تەنها بەکەسانی خاوەن کارناکرێت بەڵکو دەوڵەت دەبێ کاری بۆ بکات یان دروست کردنی ڕێگاو بان بۆ هەموو کون و قوشبنێکی ئەم وولاتە و سەرەڕایی ئەو گرفتانەی ئاو کارەبا و گواستنەوە و سووتەمەنی کە ئەمانەو کەم و کوڕیەکانی دی ژیان وادەکەن کە نووسەران و کەسانی ڕۆشنبیر بابەتی جۆراو جۆر بوروژێنن و دلی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری تری پێ نیگەران بێت، ، کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو مانە ئەم دەسکەوتانە بپارێزین و هەوڵدەین بۆ زیادبوونیشی ئەویش بەیەك دەستی هەموو لایەك ڕاستی و ڕەوانبێژی یەوە... نکولی لەوەش ناکەین کە کاری زۆر کراوە دەست خۆشی ئەو کارانە دەکەین بەلام لە ئاستی پێویست دانین و دەبێ زۆر لەوانە زیاترو باشتر بکرێن...